**ڤایرۆسی کۆرۆنا: بۆ دەبێ هەر ئێستا کردەوەت هەبێ**

**سیاسەتوانان، ڕێبەرانی کۆمەڵگە، ڕێبەرانی بازرگانی: ئێوە دەبێ چی بکەن و کەنگێ؟**

**میدیۆم – توماس پووێڤۆ**

**وەرگێڕ: کەمال حەسەنپوور**

**<u>بەشی یەکەم</u>**

بە لەبەر چاو گرتنی گشت ئەو شتانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕوو دەدەن، لەوانەیە ئەورۆ بڕیاردان لە بارەی ئەوەی کە چی بکەین دژوار بێ. دەبوو چاوەڕوانی زانیاریی زۆرتر بی؟ ئەورۆ شتێک بکەی؟ چی؟

ئەوە ئەو شتانەن کە من بەتەمام لەو وتارەدا، بە یارمەتی گەلێک دیاگرام، زانیاریی و مۆدێل لە زۆر سەرچاوەوە باسیان بکەم:

- چەند کەس لە هەرێمی ئێوە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن؟
- ئەگەر ئەو شتە وەڕاستی گەڕا چی ڕوو دەدا؟
- دەبێ چی بکەی؟
- کەنگێ؟

کاتێک کە ئەو وتارەت خوێندەوە، بەو ئاکامە دەگەی:

تووشی ڤایروسی کۆرۆنا دەبی.

ئەو بە خێراییەکی لۆگاریتمی دێت: سەرەتا لەسەرخۆ و پاشان لەناکاو.

ئەوە چەند ڕۆژی پێ دەچێ. ڕەنگبێ یەک یا دوو حەوتوو.

کاتێک ئەوە ڕوویدا، سیستەمی خزمەتگوزاریی پزیشکی تۆ لە ڕێژەی نەخۆشاندا نوقم دەبێ.

هاووڵاتییانت لە داڵانی نەخۆشخانەکاندا پێڕاگەیشتنیان بۆ دەکرێ.

کارمەندانی بەشی تەندروستی پشتیان لە ژێر ئەو زەختەدا دەچەمێتەوە. هەندێکیان دەمرن.

ئەوان بڕیار دەدەن کە کام نەخۆش ئۆکسیژێنی پێ بدرێ و کامیان بمرێ.

تەنیا ڕێگای پێشگرتن بەو سێناریۆیە دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتییە ئەمڕۆ، نەوەک سبەینێ. ئەمڕۆ.

ئەوە بەو مانایەیە کە هەرچەند کەس کە بۆیان دەگونجێ ئەو کارە بکەن. هەر ئێستا دەست پێبکەن.

وەک سیاسەتوان، ڕێبەرانی کۆمەڵگەکان و ڕێبەرانی بازرگانی، ئێوە دەسەڵات و بەرپرسیاریی پێشگرتن بەو [سێناریۆیەتان] هەیە.

لەوانەیە ئەمڕۆ ترست هەبن: ئەگەر بەرپەرچدانەوەکەم لەوەی کە پێویستە زیاتر بێ چی؟ خەڵک پێم پێدەکەنن؟ لێم تووڕە دەبن؟ من گەمژە دەردەکەوم؟ وا باشتر نییە چاوەڕێ بم تا خەڵکی دیکە یەکەم هەنگاو هەڵێنن؟ ئاخۆ زەرەری زۆر بە ئابووری دەگەیەنم؟

بەڵام ٢ تا ٤ حەوتووی دیکە، کاتێک کە هەموو دونیا داخرا، کاتێک کە چەند ڕۆژی بەنرخی خۆ دوور گرتن لە کۆمەڵگە دەبێتە هۆی ڕزگار کردنی ژیانی چەند کەس، چیدیکە خەڵک ڕەخنەت لێ ناگرن: ئەوان بۆ بڕیاری دروست سوپاست دەکەن.

کەوابوو با دەست پێ بکەین.

## 1. چەند کەس لە هەرێمی ئێوە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن؟

### تەشەنە کردنی کۆرۆنا لە وڵاتان

**دیاگرامی ژمارە ١: کۆی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهان**




*Source: Tomas Pueyo, based on worldometers chart and data: https://www.worldometers.info/coronavirus/coronavirus-cases/*

کۆی دۆخەکان بە شێوەیەکی لۆگاریتمی زیادی کرد تاوەکو چین سنوورداری کرد. بەڵام ئەوکات، دزەی کردە دەرەوە، و ئێستا بۆتە پەتایەکی گشتگر کە هیچ کەس ناتوانێ پێشی پێ بگرێ.

**دیاگرامی ژمارە ٢: کۆی دۆخی ڤایروسی کۆرۆنا لە دەرەوەی چین**




لەورۆ بەولاوە، زۆرتر بە هۆی ئیتالیا، ئێران و کۆرەی باشوور:

**دیاگرامی ژمارە ٣: دۆخی ڤایروسی کۆرۆنا لە هەر وڵات**
**(جگە لە چین)**




هێندە دۆخی ڤایروسی کۆرۆنا لە کۆرەی باشوور، ئیتاليا و ئێران زۆرن کە بە دژواری دەکرێ وڵاتانی دیکە ببینین، بەڵام سەرنج بدەینە خوارەوەی گۆشەی لای ڕاست.

**دیاگرامی ژمارە ٤: دۆخی ڤایروسی کۆرۆنا بە پێی وڵات**

(جگە لە چین، کۆرەی باشوور، ئیتالیا و باشوور)




*Source: Tomas Pueyo analysis from primary data from Github:*
*https://github.com/CSSEGISandData/COVID-19/blob/master/csse_covid_19_data/csse_covid_19_time_series/time_series_19-covid-Confirmed.csv*

دەرزەنێک وڵات هەن کە زیاد بوونێکی لۆگاریتمییان هەیە. تا ئەورۆ، زۆربەیان ڕۆژئاواین.

**دیاگرامی ژمارە ٥: ڕێژەی تەشەنە کردنی ڕۆژانە لە پێنجی مارس تا شەشی مارس**




*Source: Tomas Pueyo analysis from primary data from worldometer*
*Only includes countries that have >20 cases and >5% growth rate*

ئەگەر ئەو تەشەنە کردنە بە هەمان شێوە بۆ ماوەی یەک حەوتوو درێژەی هەبێ، دیاگرامی خوارەوە وەڕاست دەگەڕێ:

**دیاگرامی ژمارە ٦: پێشبینی دۆخی ڤایروسی کۆرۆنا بە پێی وڵات***

(جگە لە چین، کۆرەی باشوور، ئیتالیا، ئێران)




* بە گوێرەی ڕێژەی زیاد کردن لە نێوان ڕۆژەکانی شەش و حەوتی مارس بۆ ٧ ڕۆژی دیکە

Source: Tomas Pueyo analysis from primary data from Github: https://github.com/CSSEGISandData/COVID-19/blob/master/csse_covid_19_data/csse_covid_19_time_series/time_series_19-covid-Confirmed.csv

ئەگەر دەتهەوێ تێبگەی کە چی دەقەومێ، یا چۆن پێشی پێ بگری، پێویستە چاو لەو شوێنانە بکەی کە هەر ئێستا بەو دۆخەدا تێپەڕ بوون: چین، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کە ئەزموونی سارسیان هەیە و ئیتالیا.

## چین

**دیاگرامی ژمارە ٧: خشتەی کاتی ڕووداوەکانی هوبەی**




ئەوە یەکێک لە گرینگترین دیاگرامەکانە.

هێڵە نارنجییەکان ڕێژەی فەرمیی ڕۆژانە لە پارێزگای هوبەی نیشان دەدەن: چەند کەس لەو ڕۆژەدا پێشبینیکراوە کە نەخۆش بن.

هێڵە بۆرەکان دۆخە ڕاستەقینەکەی ڕۆژانە نیشان دەدەن. ناوەندی کۆنترۆڵی نەخۆشی لە چین بە پرسیار کردن لە نەخۆشان لە کاتی پشکنین و کاتێک کە نیشانەکانیان دەرکەوتوون ئەوەی بۆ ڕوون بۆتەوە.

ئەوەی کە یەکلاکەرەوەیە ئەوەیە کە دۆخە ڕاستەقینەکان لەو کاتیدا ئاشکرا نەبوون. ئێمە تەنیا کاتێک ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بڕوانینە دواوە: دامودەزگا دەسەڵاتدارەکان نازانن کە کەسێک کە هەر ئێستا نیشانەکانی لێ دەرکەوتوون. ئەوان کاتێک ئەوە دەزانن کە یەکێک دەچێتە لای دوکتور بۆ پشکنین.

ئەوە بەو مانایەیە کە هێڵە نارنجییەکان ئەو شتە نیشان دەدەن کە کاربەدەستان دەیانزانی، و هێڵە بۆرەکان ئەوەی کە بەکردەوە دەقەوما.

لە ٢١ی ژانوییە، ڕێژەی دۆخی تازە ئاشکرابوو (هێڵە نارنجییەکان) دەتەقێتەوە: نزیکەی ١٠٠ دۆخی نوێ تۆمار دەکرێن. لە ئیتالیا، ئەو ڕۆژی ١٥٠٠ دۆخی نوێ تۆمار کران، کە بە شێوەیەکی لۆگاریتمی زیاد دەکەن. بەڵام کاربەدەستان ئەوەیان نەدەزانی. ئەوی دەیانزانی ئەوە بوو کە لەناکاو ١٠٠ دۆخی نوێ لەو نەخۆشییە نوێیە تۆمار کران.

دوو ڕۆژ دواتر، کاربەدەستان پارێزگای ووهان دادەخەن. لەو کاتەدا، ڕێژەی تووشبووان لە ڕۆژێدا نزیکەی ٤٠٠ کەس بوو. سەرنج بدە بەو ژمارەیە: ئەوان بڕیاریاندا کە شارەکە تەنیا لەبەر ٤٠٠ دۆخی نوێ لە ڕۆژدا داخەن. لە ڕاستیدا، ڕۆژانە ٢٥٠٠ دۆخی نوێ بوون، بەڵام ئەوان ئەوەیان نەدەزانی.

ڕۆژی دواتر، ١٥ شاری دیکە لە هوبەی داخران.

تا ٢٣ی ژانوییە، کاتێک کە ووهان داخرا، تۆ دەتوانی لە هێڵە بۆرەکاندا ببینی: بە شێوەیەکی لۆگاریتمی زیاد دەکەن.دۆخە ڕاستەقینەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادیان کرد. لەگەڵ داخرانی ووهان، زیاد بوونی دۆخەکان کەمتر دەبنەوە. لە ٢٤ی ژانوییە، کاتێک کە ١٥ شاری دیکە داخران، ڕێژەی دۆخە ڕاستەقینەکان (بۆرەکان) لە سەرخۆ سەقامگیر دەبێ. دوو ڕۆژ دواتر، گەیشتە بەرزترین ڕێژەی دۆخی ڕاستەقینە و لەو کاتەوە ڕێژەکە دابەزیوە.

سەرنج بدە کە دۆخە نارنجییەکە (ئاماری فەرمی) هێشتا بە شێوەی لۆگاریتمی زیادی دەکرد: تا ١٢ ڕۆژی دیکە، وێدەچوو ئەو شتە هەروا بە شێوەیەکی سەرسوڕ هێنەر زیاد بکا. بەڵام وا نەبوو. ئەوە تەنیا بەو هۆیە بوو کە تووشبووان نیشانەی بەهێزتریان لێ دەردەکەوتن و زۆرتر دەچوونە لای دوکتور، و سیستەمی دەستنیشان کردنی ئەوان بەهێزتر ببوو.

ئەو دیاردەیەی دۆخی فەرمی و ڕاستەقینە گرینگە. با ئەوەمان بۆ دواتر لە بیر بێ.

ناوچەکانی دیکە لە چین لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی زۆر هاوئاهەنگ بوون، کەوابوو ڕێگا چارەی دەستبەجێ و کاریگەریان گرتە بەر. ئەوە ئاکامەکەیەتی:

**دیاگرامی ژمارە ٨: دۆخی ڤایروسی کۆرۆنا**

ناوچەکانی چین، دەرەوەی هووبەی لە بەرامبەر ئیتالیا، ئێران و کۆرەی باشوور




هەرکام لەو هێڵە تەختانە ناوچەیەکی چینە کە دۆخی ڤایروسی کۆرۆنای لێبووە. هەرکام لەوانە پۆتانسیەلی ئەوەی هەبوو کە ببێتە لۆگاریتمی، بەڵام لەبەر ئەو ڕێگاچارانەی کە تەنیا لە کۆتایی ژانوییەدا گیرانە بەر، هەموو ڤایروسەکەیان پێش ئەوەی کە بڵاو بێتەوە وەستاند.

لەهەمان کاتدا، کۆرەی باشوور، ئیتالیا و ئێران مانگێکیان کات هەبوو تا فێر بن، بەڵام نەیانکرد. ئەوان هەمان تەشەنە کردنی لۆگاریتمییەی هوبەیان دەست پێکرد و پێش کۆتایی فێورییە وەپێش ناوچەکانی چین کەوتنەوە.

## وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی

ڕێژەی تووووشبووانی کۆرەی باشوور زیاد بوونێکی سەرسوڕ هێنەری تۆمار کردووە، بەڵام پێت سیر نییە بۆ ژاپۆن، تایوان، سینگاپور، تایلەند و هۆنگ کۆنگ وایان لێ نەهاتووە؟

دیاگرامی ژمارە ٩: کۆی دۆخی ڤایروسی کۆرۆنا لە دەرەوەی چین

(وڵاتانێک بە زیاتر لە ٥٠ دۆخ لە ٧ی مارسی ٢٠٢٠)




Source: Tomas Pueyo analysis from primary data from Github:
https://github.com/CSSEGISandData/COVID-19/blob/master/csse_covid_19_data/csse_covid_19_time_series/time_series_19-covid-Confirmed.csv

هەموویان ساڵی ٢٠٠٣ تووشی سارس بوون، و هەموویان ئەزموونیان لێی وەرگرت. ئەوان فێر بوون کە دەتوانێ چەندە تەشەنەکەر و کوشندە بێ، بۆیە دەیانزانی کە بە جیددی وەریگرن. بۆیە دیاگرامی ئەوان، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر زووتر زیادی کرد، بەڵام وەک لۆگاریتمی ناچێ.

تا ئێستا، ئێمە بەسەرهاتی تەشەنەکردنی سەرسوڕ هێنەری کۆرۆنا دەبیستین، دەوڵەتان لە هەڕەشەکە تێدەگەن، و سنوورداری دەکەن. بەڵام، بۆ وڵاتانی دیکە، بەسەرهاتێکی بە تەواوی جیاوازە.

پێش ئەوەی کە من بازدەمە سەر ئەوان، کورتە یادداشتێک لەبارەی کۆرەی باشوور: ئەو وڵاتە ڕەنگبێ دۆخێکی جیاواز بێ. ڤایروسی کۆرۆنا لە ٣٠ دۆخی یەکەم سنووردار کرا. تووشبووی سی و یەکەم بڵاوکەرەوەیەکی فرە بەرچاو بوو کە بۆ هەزاران کەسی دیکەی گواستەوە. چونکە ڤایروسەکە پێش ئەوەی کە خەڵک نیشانەکانیان لێ دەرکەوێ بڵاو دەبێتەوە، کاتێک کە کاربەدەستان لەو شتە تێگەیشتن، ڤاروسەکە بڵاو ببۆوە. ئێستا ئەوان گیرۆدەی ئاسەوارەکانی ئەو یەک دانەیە بوون. هەوڵەکانیان بۆ سنووردار کردن دیارن، بەڵام: ئیتالیا هەر ئێستا بە ڕێژەی تووشبووان لە دۆخی سنووردار کردن تێپەڕیوە و ئێران سبەینێ ئەو دۆخە تێپەڕ دەکا (٢٠٢٠/٣/١٠).

## ویلایەتی فیدراڵی واشینگتۆن

ئێمە هەر ئێستا تەشەنەکردنەکە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا دەبینین، وەک پێشبینییە ترسناکەکانی تەنیا یەک حەوتوو. ئێستا بیر لەوە بکەرەوە کە ئەگەر وەک لە ووهان یا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی قەوما هیچ هاوێر کردنێک نەیەتە ئاراوە، ئەوە دەبێتە هۆی پەتایەکی گشتگری زەبەلاح.

با چاو لە هەندێک دۆخ، وەک ویلایەتی فیدراڵی واشینکتۆن، کەنارەکانی سان فرانسسیکۆ، پاریس و مادرید بکەین.

دیاگرامی ژمارە ١٠: دۆخەکان و کوژراوانی ولاتی فیدراڵی واشینگتۆن




ویلایەتی فیدراڵی واشینگتۆن ووهانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. ڕێژەی دۆخەکان بە شێوەی لۆگاریتمی زیاد دەکا. ئێستا ١٤٠ دانەیە.

بەڵام لە سەرەتاکان شتێکی سەرنجڕاکێش ڕوویدا. خێرایی ڕێژەی مردووان زۆر بەرچاو بوو. کاتێکی ویلایەتەکە ٣ گیرۆدەبووی هەبوون و یەک کوژراو.

ئێمە لە شوێنی دیکەڕا دەزانین کە ڕێژەی کوژراوان بە کۆرۆنا شتێک لە نێوان لە سەتا نیو تا لە سەتا پێنجە (دوایە لەو بارەوە زۆرتر دەدوێین). چۆن دەتوانێ ڕێژەی کوژراوان ٪٣٣ بێ؟

دەرکەوت کە ڤایروسەکە بۆ ماوەی چەند حەوتوو بێ ئەوەی کە ئەشکرا بێ بڵاو ببۆوە. ئەوە وانەبوو کە تەنیا سێ تووشبووی لێ بن. کاربەدەستان تەنیا زانیارییان لەسەر ٣ کەس هەبوو، و یەکێک لەوان مردبوو چونکە هەرچی دۆخی کەسێک جیددیتر بێ ئەگەری زۆرترە کە ئەو کەسە پشکنینی بۆ بکرێ.

ئەو وەکەمێک وەک هێلە نارنجی و بۆرەکانی چین دەچێ: لێرە ئەوان تەنیا لە بارەی هێڵە نارنجییەکاندا زانیارییان هەبوو (دۆخە فەرمییەکان) و ئەوان باش بوون: تەنیا ٣ دانە. بەڵام لە ڕاستیدا، سەدان دۆخ بوونیان هەبوو، ڕەنگبێ هەزاران دۆخی ڕاستەقینە.

ئەوە گیروگرفتە: تۆ تەنیا دۆخە فەرمییەکان دەناسی، نەوەک ڕاستەقینەکان. بەڵام تۆ دەبێ ئەوی ڕاستەقینەکان بزانی. چۆن دەتوانی بەراوردی دۆخە ڕاستەقینە کە بکەی؟ دەرکەوت کە دوو ڕێگا بۆ ئەو کارە هەن. و من مۆدێلی هەردووکیانم هەیە، کەوابوو تۆش دەتوانی یاری بە ژمارەکان بکەی (لینکی ڕاستەوخۆ بۆ کۆپی کردنی مۆدێلەکە).

یەکەم، لە ڕێگای کوژراوان. ئەگەر لە ناوچەی ئێوە خەڵک بەو نەخۆشییە مەردوون، تۆ دەتوانی کەڵک لە ژمارەی مردووان بۆ حیساب کردنی ڕێژەی ڕاستەقینەی تووشبووان وەرگری. ئێمە دەزانین کە بە شێوەی مامناوەندی کەسێک لە گیرۆدە بوون تا مردن چەندی پێ دەچێ (١٧،٣ ڕۆژ). ئەوە بەو مانایەیە کە کەسێک کە ٢٩ی فێورییە لە ویلایەتی واشینگتۆن تووش بووە لەوانەیە ڕۆژی ٢ی دێسامبر گیرۆدە بووبێ.

پاشان تۆ دەزانی کە ڕێژەی خێرایی مردن چەندە. بۆ ئەو سێناریۆیە، من کەڵک لە ١٪ وەردەگرم (پاشان باسی وردەکارییەکان دەکەین). ئەوە بەو مانایەیە، دەوروبەری ٢ی دێسامبر، نزیکەی ١٠٠ دۆخی تووشبوون لەو هەرێمە بوونی هەبووە (کە لەوانە تەنیا یەکیان ١٧،٣ ڕۆژ دواتر مردووە).

ئێستا، کەڵک لە کاتی ماناوەندی دووقات بوون بۆ ڤایروسی کۆرۆنا وەرگرە (ئەو کاتەی کە بە شێوەی ماناوەندیی بۆ دووقات بوونی گیرۆدەبووان پێویستە). ئەو ٦،٢ ڕۆژە. ئەوە بەو مانایەیە کە لە ١٧ ڕۆژان کە پێویست بوو تا یەکەم کەس بمرێ، ڕێژەی گیرۆدەبووان ٨ هێندە بووە. ئەوە بەو مانایەیە، کە ئەگەر تۆ پشکنین بۆ دۆخەکان نەکەی، یەک کوژراو ئەورۆ بە مانای بوونی ٨٠٠ کەسی گیرۆدەبوویە.

ئێستا ویلایەتی واشینگتۆن ٢٢ کوژراوی هەیە. بە ژمێرارییەکی خێرا، تۆ بۆت دەردەکەوێ کە ئەمڕۆ نزیکەی ١٦٠٠٠ کەس گیرۆدەبوو هەیە. ئەوە دەبێتە کۆی ڕێژەی فەرمیی ئیتالیا و ئێران بەسەر یەکەوە.

ئەگەر ئێمە چاو لە وردەکارییەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ١٩ لەو کوژراوانە سەر بە یەک وەجبەن، کە لەوانەیە ڤایروسەکەیان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو نەکردبێتەوە. کەوابوو ئەگەر ئێمە ئەو ١٩ مردووانە وەک یەک دانە سەیر بکەین، کۆی کوژراوانی ویلایەتەکە ٤ کەسە. ئەگەر مۆدێلەکە بەڕۆژ بکەینەوە، دیسانیش دەگەینە نزیکەی ٣٠٠٠ تووشبوو ئەمڕۆ.

لە شێوەی لێکدانەوەی ترێڤۆر بێدفۆرد چاو لە خودی ڤایروسەکە و موتاسیۆنەکەی دەکرێ تا ڕێژەی هەنووکەیی تووشبووان ئەژمێر بکەی.

ئاکامگیرییەکە ئەوەیە کە وێدەچێ کە هەر ئێستا نزیکەی ١١٠٠ کەس لە ویلایەتی واشینگتۆن گیرۆدە بوون.

هێچکام لەو شێوە لێکدانەوانە بێ خەوش نین، بەڵام ئەوان ئاماژە بە هەمان پەیام دەکەن: ئێمە ڕێژەی دۆخە ڕاستەقینەکە نازانین، بەڵام زۆر لە ڕێژە فەرمییەکە زیاترە. ئەوە سەدان کەس نین. هازاران کەسن، و ڕەنگبێ زیاتریش.

## هەرێمی کەنارەکانی سانفرانسیسکۆ

تا ٨ی مارس، هەرێمی کەنار هێچ کوژراوێکی نەبوو. ئەوە ئەژمێر کردنی ڕێژەی ڕاستەقینەی گیرۆدەبووانی دژوار کرد. بە فەرمیی ٨٦ کەس بوون. بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێژەی تاقیکارییەکانی زۆر لە خوارێیە چونکە بە ئەندازەی پێویست بەستەی تاقیکاریی نییە. ئەو وڵاتە بڕیاری دا بەستەی تاقیکاریی بۆخۆی درووست بکا، کە ئاشکرا بووە کە بەکەڵک نایەن.

ئەو دیاگرامە ژمارەی تاقیکاریی لە وڵاتە جیاوازەکان تا ٣ی مارس نیشان دەدەن:

| Country | Tests Performed | Tests Per Million Citizens | P |
|---|---|---|---|
| South Korea | 109,591 | 2,138 | |
| Italy | 23,345 | 386 | |
| Austria | 2,120 | 235 | |
| Switzerland | 1,850 | 214 | |
| UK | 13,525 | 199 | |
| Finland | 130 | 23 | |
| Turkey | 940 | 11 | |
| United States | 472 | 1 | |

تورکیە، کە هیچ دۆخی کۆرۆنای نییە، بە گوێرەی حەشیمەت دە هێندەی وڵاتە یەکگرتووەکان تاقیکاریی کردووە. دۆخەکە ئێستا باشتر نییە، بە نزیکەی ٨٠٠٠ تاقیکاریی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەڕێوە چووە، کە بەو مانایەیە کە نزیکەی ٤٠٠٠ کەس تاقیکارییان بۆ کراوە.

دیاگرامی ژمارە ١٠-ب: تاقیکاریی کۆرۆنا کە بە پێی هەر میلیۆن کەس لە حەشیمەت لە وڵاتانی جیاواز دا بەڕێوە چووە

(بە گوێرەی ئاماری ٩ی مارس)




Source: Tomas Pueyo analysis from data aggregated by Worldometers: https://www.worldometers.info/coronavirus/covid-19-testing/
Per country sources available at Worldometers or at:
https://docs.google.com/spreadsheets/d/17YyCmjb2Z2QwMiRRwAb7W0vQoEAiL9Co0ARsl03dSlw/edit#gid=508476959

لێرە، تۆ تەنیا دەتوانی کەڵک لە بەشێک لە ڕێژەی فەرمیی تا ڕێژەی ڕاستەقینە وەرگری. چۆن بڕیار بدەین کە کامەیان؟ بۆ هەرێمی کەنار، ئەوان پشکنینیان بۆ هەموو ئەو کەسانە کرد کە سەفەریان کردبوو یا پێوەندییان بە کەسێکەوە هەبووە کە سەفەری کردووە، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەوان زۆربەی دۆخەکانی پێوەندیدار بە سەفەریاندەناسین، بەڵام هیچکام لەو دۆخانەی کە لە کۆمەڵگەکەدا بڵاو بوونەوە. بە بوونی هەستێک لە بارەی ئەوانی کە لە کۆمەڵگەدا بڵاوبوونەوە لە بەرامبەر ئەوانی کە بە هۆی سەفەرەوە بڵاو بوونەوە، دەتوانی بزانی کە چەند کەس گیرۆدە بوون.

من چاوم لەو ڕێژەیە بۆ کۆرەی باشوور کرد، کە زانیارییەکی زۆر لەبەر دەست دایە. لەو کاتەی کە ٨٦ دۆخ تۆمار کرابوون، ڕێژەی ئەوانی کە لە کۆمەڵگەدا گیرۆدە ببون ٪٨٦ بوون (٨٦ دۆخ و ٪٨٦ هەڵکەوتە).

بەو ژمارەیە، تۆ دەتوانی ڕێژەی ڕاستەقینەی تووشبووان ئەژمێر بکەی. ئەگەر لە هەرێمی کەنار ئەمڕۆ ٨٦ کەس گیرۆدە بوون، وێدەچێ کە ڕێژەی ڕاستەقینەی تووشبووان نزیکەی ٦٠٠ کەسە.

## فەڕانسە و پاریس

فەڕانسە ئیددیعا دەکا کە ئەمڕۆ ١٤٠٠ کەس گیرۆدە و ٣٠ کەس کوژراون. بە کەڵکوەرگرتن لە دوو شێوازی سەرەوە، تۆ دەتوانی ڕێژەی تووشبووان: **لە ٢٤٠٠٠ تا ١٤٠٠٠٠ مەزەندە بکەی.**

ڕێگام بدەن دووپاتی بکەمەوە: ڕێژەی ڕاستەقینەی تووشبووان لە فەڕانسە وێدەچێ یک، دوو یا چەند هێندە زیاتر لە ڕێژەی فەرمیی بێ.

باوەڕم پێ ناکەی؟ با جارێکی دیکە چاو لە دیاگرامی ووهان بکەینەوە.

**دیاگرامی ژمارە ١١: خشتەی کاتی ڕووداوەکان لە هوبەی**




ئەگەر هێڵە نارنجییەکان تا ٢٢ی ژانوییە وەسەر یەک بخەینەوە دەکاتە ٤٤٤ کەس. ئێستا هێڵە بۆرەکان وەسەر یەک بخەوە. ئەوان دەگەنە نزیکەی ١٢٠٠٠ کەس. کەوابوو کاتێک کە ووهان پێی وابوو کە ٤٤٤ گیردۆدەبووی هەیە، ڕێژە تووشبووان ٢٧ هێندە بوو. ئەگەر فەڕانسە پێی وایە کە ١٤٠٠ گیرۆدەبووی هەن، لەوانەیە دەیان هەزار کەس بن.

هەمان بیرکاری پاریسیش دەگرێتەوە. بە نزیکەی ٣٠ کەسی گیرۆدەبوو لە شارەکەدا، ڕێژەی ڕاستەقینەی تووشبووان وێدەچێ سەدان کەس، لەوانەیە هەزاران بێ. بە ٣٠٠ دۆخ لە هەرێمی ئیل دۆ فرانس، کۆی تووشبووان لەو ناوچەیە لەوانەیە پتر لە دەیان هەزار کەس بێ.

**ئیسپانیا و مادرید**

[ڕێژەی گیرۆدە بووان](#) لە ئیسپانیا زۆر وەک هی فەڕانسە دەچێ (١٢٠٠ دۆخ لە بەرامبەر ١٤٠٠ کە هەردووکیان ٣٠ کوژراویان هەیە). ئەوە بەو مانایەیە کە هەمان یاسا بڕ دەکا: ئیسپانیا لەوانەیە نزیکەی ٢٠ هەزار دۆخی ڕاستەقینەی هەبێ.

لە هەرێمی کامینیداد دێل مادرید، بە ٦٠٠ دۆخی فەرمی و ١٧ کوژراو، ڕێژەی ڕاستەقینەی تووشبووان وێدەچێ لە نێوان ١٠٠٠٠ تا ٦٠٠٠٠ کەس بێ.

**ئەگەر ئەو زانیارییە بخوێنییەوە و بەخۆت بڵێی: "مەحاڵە، ئەوە ناتوانێ ڕاست بێ"، تەنیا بیر لەوە بکەوە: بەو ڕێژە لە تووشبووان، ووهان پێش ئەو ڕێژەیە هاوێر کرابوو.**

بەو ڕێژەی تووشبووان کە ئێمە ئەمڕۆ لە وڵاتانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکان، فەڕانسە، ئێران، ئاڵمان، ژاپۆن، هولەند، دانمارک، سوێد و سویس دەیبینین، ووهان پێش گەیشتن بەو ڕێژەیە هاوێر کرابوو.

و ئەگەر بەخۆت دەڵێی: "باشە، هوبەی تەنیا یەک هەرێم بوو"، ڕێگام بدە وەبیرت بێنمەوە کە ئەوێ ٦٠ میلیۆن کەس حەشیمەتی هەیە، مەزنتر لە ئیسپانیا و نزیکەی ڕێژەی فەڕانسە.

## ٢. ئەگەر ڕێژەی تووشبووانی ڤایرووسی کۆرۆنا نەخۆش بکەون؟

کەوابوو ڤایوسی کۆرۆنا هەر ئێستا لێرەیە. ئەو شاراوەیە، و بە شێوەی لۆگاریتمی زیاد دەکا.

ئەگەر ئەو بڵاو بێتەوە چ بەسەر وڵاتەکانمان دێنێ؟ زانینی ئەوە ساکارە، چونکە ئێمە هەر ئێستا چەند شوێنمان هەن کە لەوێدا ئەوە دەقەومێ. باشترین نمونەکان هوبەی و ئیتالیان.

## ڕێژەی کوژراوان

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) باسی ٪٣،٤ ڕێژەی کوژراوان دەکا (لە هەر ١٠٠ کەس لەو خەڵکەی کە تووشی کۆرۆنا دەبن و دوایە دەمرن). ئەو ژمارەیە لە دەروەی چوارچێوەی دەقەکە دایە، کەوابوو ڕێگام بدەن شی بکەمەوە.

دیاگرامی ژمارە ١٢: ڕێژەی کوژراوان: مردووەکان\کۆی تووشبووان




ئەوە بە ڕاستی بەستراوەتەوە بە کات و وڵات: لە نێوان ٪٠،٦ لە کۆرەی باشوور و ٪٤،٤ لە ئێران. ئەوە چییە؟ ئێمە دەتوانین فێڵێک بکەین تا ڕاستییەکە ئاشکرا بکەین.

دوو ڕێگای ئەژمێر کردنی ڕێژەی مردن ئەوەیە: کوژراوان دابەشکراو بە سەر کۆی دۆخەکان و کوژراوان دابەشکراو بە سەر دۆخە کۆتایی پێهاتووەکان. ئەوەی پێشدا وێدەچێ کەم هەڵسەنگاندنە، چونکە بەشێکی زۆر لەوانەی هێشتا هەر نەخۆشن دەتوانن بمرن. ئەوەی دیکە بەرز هەڵسەنگاندنە، چونکە وێدەچێ کە پەروەندەی کوژراوەکان خێراتر لە چاکبووەکان داخرێن.

ئەوەی کە من کردم ئەوە بوو کە چاو لێبکەم کە چۆن هەردووکیان بە پێی کات گەشە دەکەن. هەر دوو ژمارەکان کاتێک کە هەموو دۆخەکان داخران لە شوێنێک بەیەک دەگەنەوە، کەوابوو کاتێک کە تۆ شێوەی گەشە کردنی ڕابردوو لەگەڵ هی داهاتوو پێکەوە بگری، دەتوانی ڕێژەی کۆتایی کوژراوان هەڵێنی.

ئەوە ئەو شتەیە کە تۆ لە داتاکاندا دەیبینی. ڕێژەی کوژراوانی چین ئێستا لە نێوان ٪٣،٦ تا ٪٦،١ لە تووشبووانە. ئەگەر تۆ ئەوە بۆ بەراوردی ڕێژەی داهاتوو بەکار بێنی، وێدەچێ کە بگاتە نزیکەی ٪٣،٨ تا ٪٤. ئەوە دوو هێندەی ڕێژەی بەرأورد کراوی ئێستایە، و ٣٠ هێندە زیاتر لە هی هەڵامەتە.

بەڵام ئەوە لە دوو ڕاستی بە تەواو جیاواز لە یەکتر پێکهاتووە: هوبەی و باقی چین.

**دیاگرامی ژمارە ١٣: خێرایی مردن لە هەرێمی هوبەی، چین**




ڕێژەی مردن لە هوبەی لەوانەیە بەرەو ٪٤،٨ بچێ. لە کاتێکدا کە بۆ باقی چین، وێدەچێ بگاتە نزیکەی ٪٠،٩:

**دیاگرامی ژمارە ١٤: ڕێژەی مردن لە چین، جگە لە هوبەی**




من هەروەها دیاگرامی ئێران، ئیتالیا و کۆرەی باشووریشم کێشاوەتەوە، تەنیا وڵاتانێک کە ڕێژەی مردووەکان ئەوەندەیە کە تا ڕاددەیەک پێوەندیدار بێ.

**دیاگرامی ژمارە ١٥: ڕێژەی مردن بە هۆی ڤایروسی کۆرۆنا لە ئێران**




*Source: Tomas Pueyo analysis from primary data from Github:*
*https://github.com/CSSEGISandData/COVID-19/blob/master/csse_covid_19_data/csse_covid_19_time_series/time_series_19-covid-Confirmed.csv*

**دیاگرامی ژمارە ١٦: ڕێژەی مردن بە هۆی ڤایروسی کۆرۆنا لە ئیتالیا**




*Source: Tomas Pueyo analysis from primary data from Github:*
*https://github.com/CSSEGISandData/COVID-19/blob/master/csse_covid_19_data/csse_covid_19_time_series/time_series_19-covid-Confirmed.csv*

**دیاگرامی ژمارە ١٧: ڕێژەی مردن بە هۆی ڤایروسی کۆرۆنا لە کۆرەی باشوور**




*Source: Tomas Pueyo analysis from primary data from Github:*
*https://github.com/CSSEGISandData/COVID-19/blob/master/csse_covid_19_data/csse_covid_19_time_series/time_series_19-covid-Confirmed.csv*

ڕێژەی مردن دابەشکراو بەسەر کۆی دۆخەکان لە ئێران و ئیتالیا بەرەوە ٪٣ تا ٪٤ دەچێ. بە بڕوای من ڕێژەکە دەگاتە ئەو ژمارەیە.

**دیاگرامی ژمارە ١٧-ب: تەختی نەخۆشخانە\بۆ هەر هەزار کەس لە وڵاتانی جیاواز**




*Source: Tomas Pueyo analysis from primary data from World Bank*
*https://data.worldbank.org/indicator/SH.MED.BEDS.ZS*

کۆرەی باشوور یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین نموونەکانە، چونکە ئەو دوو ژمارانە هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نییە: ڕێژەی مردوو دابەشکراو بە سەر کۆی دۆخەکان تەنیا ٪٠،٦ بەڵام ڕێژەی مردوو دابەشکراو بە سەر دۆخە داخراوەکان بۆ ٪٤٨ هەڵدەبەزێتەوە.

ئاکامگیری من ئەوەیە کە هەندێک شتی تاقانە دەقەومێن. یەکەم، ئەوان پشکنین بۆ هەمووان دەکەن (بەو هەموو دۆخە واڵایە، ڕێژەی مردووان وێدەچێ کەم بێ)، و لێگەڕان لە دۆخە واڵاکان بۆ ماوەیەکی درێژتر (کە وابوو پەروەندەکە خێرا دوای مردنی گیرۆدە بووەکە دادەخەن).

دووهەم، ئەوان تەختی خەوێکی زۆریان لە نەخۆشخانەکان هەن (بڕوانە دیاگرامی ژمارە ١٧-ب). لەوانەیە هۆی دیکەش هەبن کە ئێمە لێی ئاگادار نین. ئەوەی کە پێوەندیدارە ئەوەیە کە ڕێژەی مردووان دابەشکراو بە سەر دۆخەکان لە سەرەتاوە نزیکەی ٪٠،٥ ماوەتەوە، کە وێدەچێ بەو شێوە بمێنێتەوە، وێدەچێ بە تووندی کەوتبێتە ژێر کاریگەریی سیستەمی تەندروستی و بەڕێوەبەریی قەیران.

دوایین نموونەی پێوەندیدار پاپۆڕی گەشتیاریی دایمۆن پرینسەسە: بە ٧٠٦ دۆخ، ٦ کوژراو و ١٠٠ چاکبووەوە، ڕێژەی مردن دەگاتە نێوان ٪١ تا ٪٦،٥.

سەرنج بدە کە تەمەنی دانیشتووانی هەر وڵاتێکش کاریگەریی دەبێ: چونکە ڕێژەی مردن لە ناو خەڵکی بەساڵداچوو زۆر زیاترە، وڵاتانی خاوەن خەڵکی بەساڵاداچوو وەک ژاپۆن زیاتر لە لەوڵاتانی خاوەن دانیشتووانی لاوتر وەک نیجێرییە دەبێ. کەشوهەواش دەور دەبینێ، بە تایبەت شێدار بوون و پلەی گەرما، بەڵام هێشتا کە کاریگەرییەکەی لە سەر بڵاو بوونەوە و ڕێژەی مردندا  ناڕوونە.

ئەوە ئاکامگیرییەکەیەتی:

- ئەوەی لێ دەرکەین، وڵاتانێک کە ئامادەن ڕێژەی مردن دەگاتە نزیکەی ٪٠٥ (کۆرەی باشوور) تا ٪٠،٩ (باقی چین).
- وڵاتانێک کە تێیدا نوقم دەبن ڕێژەی مردن لەوێدا دەگاتە نێوان نزیکەی ٪٣ تا ٪٥

بە شێوەیەکی دیکە: ئەو وڵاتانەی کە خێرا دەجووڵێنەوە دەتوانن ڕێژە کوژراوان تا دە هێندە دابەزێنن. و ئەوە تەنیا ڕێژەی مردووەکان دەگرێتەوە. خێرا جووڵانەوە بە هەمان شێوە دۆخەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە، کە ئەوە هێندەی دیکەش ئاسان دەکا بۆ تێگەیشتن.